## نادرشای ئەفشار لە ناوچەی بۆکان

بەشێک لە شەڕی لەبن نەهاتووی نادرشا، لەگەڵ عوسمانییکان و بەم پێیە، زۆربەی گۆڕەپانەکانی شەڕیش کوردستان بووە.

گەلێک کتێب لەسەر ژیان و شایەتی و شەڕ و گەڕی نادرشا نووسراون کە ئەگەر سەرنجیان بدرێتێ واهەیە هەواڵی مێژوویی ئەو سەرەمەی بۆکانیش واتە سەدەی هەژدەهەمیان لێ گردوکۆ بکرێت.

من چاوم بە دوو سەرچاوە کەوتووە کە باسی هاتنی نادرشا دەکەن لە شاری سنە وە بەرەو تیکانتەپەی هەوشار(تیکاب) و ساینقەڵا و مەراغە و میاندواو، بەڵام ناوی بۆکانیان نەبردوە. بە گوێرەی ئەو سەرچاوانە، نادرشا لە هاوینی ساڵی ١١٤٣ک/ ١٧٣٠ زاییدا گەیشتۆتە ناوچەکە و ٣ هەزار بنەماڵەی ئەفشار یا هەوشاری لە باشووری مەراغە واتە ساینقەڵاوە کۆچ داوە و ناردوونی بۆ خوراسان. هەوشارییەکان دراوسێ ی بۆکان بوون و هەن و بەشێکیان کوردن، نادرشاش خۆی هەوشار واتە ئەفشار بووە، بەڵام کورد نەبوە و هەڵەیە ئەگەر بە کورد دابندرێت.

بۆنووسینی مێژووی ناوچەی بۆکان پێویست ناکات بە شوێن "ناو"ی بۆکاندا بگەڕێین. رووکردنەوەی رووداوە مێژووییەکانی ناوچە بۆ نووسینی مێژووی خەڵک و شارەکە بەسە.

دوو سەرچاوەکەی بەردەستی من بریتن لە:

- و. مینۆرسکی، "تاریخچه نادرشاه"، ترجمه رشید یاسمی، کتابهای سیمرغ وابسته به انتشارات امیرکبیر، چاپ اول ١٣١٣[١٩٣٤]، چاپ دوم ٢٥٣٦[١٩٧٧]، ١٣٥ صفحه، فارسی. باسی نادرشا لە لاپەڕە ٤٤ دا کراوە.

- یونس مروارید، "مەراغه (افرازه رود)"، ناشر ؟، ١٣٦٠[١٩٨١]، ٧١٥ صفحه، فارسی. ئەم باسە لە بەشی مێژووی مەراغە لە کۆتایی کتێبەکەدا هاتوە.